# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٨٠)ساڵی بیست و یەکەم ٢٨ نیسان ٢٠٢٢ ز. ٨ گوڵان ٢٧٢٢ی کوردی ٢٧ ڕەمەزان ١٤٤٣ کۆچی

282

**یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢** ل ١
یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**بڕیاری ژمارە (١٤٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ١١
هەڵپەساردنی وەرگرتنی رەسمی باج و گومرگی وە کارکردن بەمەرجی مۆڵەتی هاوردەکردنی ئاژەڵ

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٢
ڕێنمایی دیاری کردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ل ١٨
تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی خانووی پلاستیکی

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی** ل ٢١
تایبەت بە پێدانی چیمەنتۆ بۆ هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی** ل ٢٤

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

# وقائع كوردستان


الجريدة الرسمية لأقليم كـوردسـتان - تصـدر مـن قبـل وزارة العـدل

العدد (٢٨٢) الحادي والعشرون | ٢٨ نيسان ٢٠٢٢م. | ٨ گولان ٢٧٢٢ك. | ٢٧ رمضان ١٤٤٣ هـ.

**282**



**قانون رقم (٢) لسنة ٢٠٢١** ص ٢٥

قانون الأسلحة في إقليم كوردستان – العراق


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


**قرار رقم (١٤٥) لسنة ٢٠٢٢ رئاسة مجلس الوزراء** ص ٤

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية** ص ١١

**تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الزراعة والموارد المائية** ص ١٨

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة التجارة والصناعة** ص ٢١

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الأوقاف والشؤون الدينية** ص ٢٤



No: 282 Date: April 28, 2022 Vol: 21

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

**کۆماری عێراق**

**هەرێمی کوردستان**

**سەرۆک**

**بڕیار**

**ژمــارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی رۆژی ٢٠٢٢/٣/١ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

بـۆ مەبەسـتی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە، زاراوە و دەسـتەواژەکانی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبەریـان دەگەیەنن:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: ئەنجومەنی** وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم: وەزارەت**: وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.

**چوارەم: وەزیر**: وەزیری ناوخۆی هەرێم.

**پێنجەم: چـەکـی ئاگـرین**: دەمانـچـە و تـفـەنـگی ئالی رێـژنـەکـار، کە قـەبـارەی فـیـشـەکـی لـە (٧,٦٢ × ٣٩) ملم زیاتر نەبێت، و بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مـوڵەتی پێـدرابێت دەگـرێتەوە، جگە لەو دەمانچـانەی لە یـاریە وەرزشـیەکاندا بەکـاردەهێنرێن و دەنگێـک بـۆ دەسـتپێکردنی یـارییەکە دروستدەکەن.

**شەشەم :چەکی جەنگی**: چەکی بەکارهێنراو لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، جگە لە وانەی لە بڕگەی (پێنجەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون، دەگرێتەوە.

**حەوتەم: تفاق (عتاد)**: گولله و فیشەکی بەکارهاتوو لە چەکی ئاگرین و هەر پارچەیەک لە پارچەکـانی، دەگرێتەوە.

**هەشتەم: تفـاقی جەنگـی**: زەخیـرەی بەکارهـاتوو لە چەکـی جەنگـی و هەرپـارچەیەک لە پارچەکـانی، دەگرێتەوە.

**نۆیەم: چەکی هێمایی**: ئەو چەکەی بەبێ تفاق، بۆ جوانی، یادگاری یان وەک سیمبول هەڵدەگیرێت، لە نێویانـدا چەکـی وەقفکـراو یـان ئەوانەی لە شـوێنە پیرۆزەکـان و مۆزەخـانە گشـتییەکان یـان تایبەتەکاندا، هەڵدەگیرێن.

**دەیەم: دەسەڵاتی مۆڵەتدان**: وەزیر، یان هەر کەسێک کە بۆ پێدانی ئەو مۆڵەتانەی لەم یاسایەدا هاتوون، ڕایدەسپێرێت.

**یازدەیەم: مۆڵەت**: ئەو ڕێگەپێدانەی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەدرێت.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم**: هاوردەکردن یان هەناردەکرن، دەستداریی، ژێردەستبوون، هەڵگرتن، دروستکردن، چاککردنەوە، گواستنەوە، ڕادەستکردن، وەرگرتن یان بازرگانی پێوەکردنی چەکی جەنگی، تفاق یان پارچەکانی، تەنها بە ڕێگەپێدانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە، بۆ پێداویستی دەزگاکانیان، دەبێت.

**دووەم**: هاوردەکردن، دەستداریی، ژێردەستبوون، هەڵگرتن، دروستکردن، چاککردنەوە، فرۆشتن، گواستنەوە، ڕادەستکردن، وەرگرتنی یان بازرگانی پێوەکردنی چەکی بێدەنگ، تفاق یان پارچەکانی، قەدەغەیە.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم**: دەستداریی، هەڵگرتن، فرۆشتن، دەستاودەست پێکردن یان چاککردنەوەی چەکی ئاگرین تەنها بە مۆڵەت دەبێت.

**دووەم**:

١- کردنەوەی شوێنی تایبەت بە کڕین و فرۆشتن یان چاککردنەوەی چەکی ئاگرین و پارچە و تفاقیان، ئەوانەی مولکی هاووڵاتیانن و لە ناوخۆدا هەن، تەنها بە مۆڵەت دەبێت.

٢- مۆڵەتدار و بە دەستداریی یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین، مافی هەیە چەکە مۆڵەتپێدراوەکەی لەو شوێنەی کە لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە بۆ فرۆشتن بخاتەڕوو.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم**: جۆرەکانی مۆڵەت:

١- مۆڵەتی دەستداریی چەکی ئاگرین و تفاقی.

٢- مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقی.

٣- مۆڵەتی چاککردنەوەی چەکی ئاگرین.

٤- مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاقی.

**دووەم**: ئەو مۆڵەتانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون:

١- تەنها ئەو کەسەی کە بەناویەوە دەرچووە بەکاریدەهێنێت.

٢- بۆماوەی (١) یەک ساڵ بەرکاردەبێت، جگە لە مۆڵەتی هاتوو لە خاڵی (١) لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە کە بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵە.

٣- بۆ ڕەسمی هاتوو لە خشتەی هاوپێچی ئەم یاسایەدا، ملکەچ دەبن.

**سێیەم**: مۆڵەتەکانی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە و ڕێکارەکانی پێدانیان بە ڕێنماییەک ڕێکدەخرێن کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** دەسەڵاتی مۆڵەتدان، مۆڵەتی دەستداریی یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقی دەدات، لە دوای هەبوونی ئەم مەرجانەی خوارەوە لەکەسی داواکاردا:

١- عێراقی بێت و دانیشتووی هەرێم بێت.

٢- تەمەنی لە (٢١) بیست و یەک ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- ڕەوشت چاک و ناوبانگ و ڕەفتار باش بێت.

٤- بە جینایەتێکی ناسیاسی یان کەتنێکی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێت.

٥- لە ڕووی جەستەیی و عەقڵی و دەروونیەوە شیاوی دەستداریی و هەڵگرتنی چەک بێت، ئەمەش بە ڕاپۆرتێک لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی فەرمییەوە پشتڕاستکرابێتەوە.

٦- لە ڕووی تەکنیکیەوە بۆ هەڵگرتنی چەکی ئاگرین شیاوبێت، بەپێی تاقیکردنەوەیەک کە دەسەڵاتی مۆڵەتدان دیاریدەکات .

٧- چەکەکەی بەشێوەیەکی ڕەوا دەستخستبێت و پاساوێکی ڕەوای بۆ دەستداریی و هەڵگرتنی چەک هەبێت.

**دووەم:** داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەت لە ماوەی (٣٠)سی ڕۆژ بەر لە ڕێکەوتی بەسەرچوونی، پێشکەش بە دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەکرێت.

**سێیەم:** دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەتوانێت هەردوو مۆڵەتی دەستداریی و هەڵگرتنی دەمانچە و تفەنگ بداتە یەک کەس.

**چوارەم:** وەزیر جۆر و بڕی تفاقی ڕێگەپێدراو بە ڕێنماییەک دیاریدەکات.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** مۆڵەتی چەکی ئاگرین لەم بارانەی خوارەوەدا بە هەڵوەشاوە دادەندرێت:

١- مردنی خاوەن مۆڵەت.

٢- لەدەستدانی یەکێک لەو مەرجانەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

٣- دەرچوونی بڕیارێک لە دادگای تایبەتمەند بە دەست بەسەرداگرتنی چەکە ئاگرینەکە.

٤- دەرچوونی چەکە ئاگرینەکە وتفاقەکەی لە دەستداریی کەسی مۆڵەتدراو بۆ کەسێکی دیکەی مۆڵەتدراو.

**دووەم:**

١- پێویستە لەسەر کەسی مۆڵەتدراو، لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەیدا، چەکەکەی ڕادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس لە شوێنی نیشتەجێبوونی بکات، بەرامبەر وەرگرتنی پسوولەیەکی فەرمی.

٢- ئەو کەسەی مولەتەکەی هەڵدەوشێتەوە، دەتوانێت لە ماوەی (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژدا، ڕەفتار بەچەک و تفاقەکەی بکات، بە فرۆشتن بێت یان بە هەر ڕەفتارێکی دیکەی یاسایی.

٣- لە دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەی کە لە خاڵی (٢)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە، دەسەڵاتی مۆڵەتدان مافی هەیە چەک و تفاقەکە بۆ بەرژەوەندی دەستدارەکەی بەپێی حوکمەکانی یاسا بفرۆشێت، وبڕی بەرامبەرەکەی ڕادەست بکاتەوە.

**سێیەم:** لە دوای مردنی مۆڵەتدراو ئەوا:

١- پێویستە میراتگرانی یان ئەوانەی شوێنی دەگرنەوە، مۆڵەتەکە بە مەبەستی ئاماژە لەسەرکردن لەسەری ڕادەستی دەسەڵاتی مۆڵەتدان بکەن، و ئەو ڕێکارانەی لە هەردوو خاڵی (١، ٢)ی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون، جێبەجێ بکەن.

٢- دەسەڵاتی مۆڵەتدان لە باری فرۆشتنی چەکەکەدا، بڕی بەرامبەرەکەی بۆ دادگای تایبەتمەند دەنێرێت، بە مەبەستی پاکتاوکردن و دابەشکردنی لەسەر کەسانی شایستە.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** ئەم کەسانەی لای خوارەوە لە مۆڵەتی دەستداریی و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی بەدەردەکرێن:

١- سەرۆکی هەرێم وجێگرەکانی.

٢- سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان.

٣- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و ئەوانەی لەپلەی ئەواندان.

٤- سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی و دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکوڵەرە دادوەرییەکان.

٥- ئەندامانی هەردوو نێردەی دیبلۆماسی و قونسوڵگەریی، ئەوانەی کە لە عێراق و هەرێم کاردەکەن، بەپێی ڕێسای مامەڵەی هاوشێوە.

٦- فەرمانبەرانی پلە تایبەت و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان.

**دووەم:** ئەوانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون مافی دەستداریی و هەڵگرتنی چەکیان لە دوای خانەنشینکردنیان دەمێنێت، بەو مەرجەی بەڵگەنامەیەکی بێ بەرامبەریان بۆ ڕێکبخرێت هەتا لە ژیاندا ماون.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** ئەفسەر و کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، و ئەفسەر و پێشمەرگە لە وەزارەتی پێشمەرگە، لە کاتی ئەرک و فەرماندا، دەتوانن چەکی ئاگرین و تفاق دەستدار بکەن یان هەڵبگرن.

**دووەم:** پێویستە کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پێشمەرگە، لە دوای کۆتایی هاتنی ئەرکەکانیان، چەکەکانیان ڕادەستی شوێنی هەڵگرتنیان (جبەخانە) بکەن.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** ئەگەر مۆڵەتدراو بە دەستداریی و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین، هەواڵی بزربوون یان لەناوچوونی مۆڵەتەکەی یان بزربوونی ئەو چەکەی مۆڵەتەکەی پێدراوە، بدات، ئەوا پێویستە دەسەڵاتی مۆڵەتدان داوا لە پۆلیس بکات لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات.

**دووەم**: ئەگەر بزربوون یان لە ناوچوونی مۆڵەت سەلمێندرا، ئەوا مۆڵەتێکی نوێ دەدرێتە خاوەنەکەی وەک جێگرەوەی بزربووەکە، و هەمان ژمارەی مۆڵەتی پێشووی لەسەر دەبێت، و هەمان ئەو زانیارییانەی تیایدا هاتبوون لە خۆ دەگرێت، بەرامبەر بە ڕەسمێک کە دووهێندەی ڕەسمی پێدانی مۆڵەت بێت.

**سێیەم**: ئەگەر بزربوون یان لە ناوچوونی چەکی ئاگرین سەلمێندرا، ئەوا پێویستە دەستدارەکەی مۆڵەتەکە ڕادەستی دەسەڵاتی مۆڵەتدان بکاتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی، و لە دوای تێپەڕبوونی (١) یەک ساڵ بەسەر ڕێکەوتی بزربوون یان لەناوچوونەکە، سەرلەنوێ مۆڵەتی چەکی پێدەدرێتەوە.

**چوارەم**: ئەگەر دەرکەوت هەواڵدان بە بزربوون یان لە ناو چوونی مۆڵەت یان بزربوونی چەک ڕاست نییە، ئەوا پێویستە دەسەڵاتی مۆڵەتدان، مولەتدراو ڕەوانەی دادوەری لێکۆڵینەوە بکات بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی، و پێویستە دادگاش لەکاتی حوکمدان بە تاوانبارکردنی هەواڵدەر دەسەڵاتی مۆڵەتدان ئاگاداربکاتەوە و لەم بارەشدا مۆڵەتەکە بە هەڵوەشاوە دادەندرێت.

**ماددەی (١٠):**

وەزیر دەتوانێت بە بڕیارێك لە هەر بارێکی پێویستدا، مۆڵەتەکانی دەستداریی و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین لە هەرێم یان لە بەشێکی ڕابگرێت، بۆ ئەو ماوەیەی کە لە بڕیارەکەدا دیاریدەکرێت.

**ماددەی (١١):**

بەدەر لە حوکمی خاڵی (١)ی بڕگەی (یەکەم) لە مادده (٥)ی ئەم یاسایە، وەزیر دەتوانێت مۆڵەتی دەستداریی و هەڵگرتنی چەک، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بداتە کەسی بیانی.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم**: هەرکەسێک لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە، هەواڵبدات لەسەر دەستداریی چەکێکی بێ مۆڵەت، لە سزا دەبوردرێت، و دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەتوانێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مۆڵەتی پێبدات.

**دووەم**: لە حاڵەتی ڕەزامەندینەدان بە پێدانی مۆڵەت، ئەوا چەکەکە بۆ بەرژەوەندی دەستدارەکەی بەزیاد کردنی ئاشکرا لەلایەن دەسەڵاتی مۆڵەتدانەوە دەفرۆشرێت.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم**: هەر کەسێک قاچاغچییەتی بە چەکی ئاگرین، تفاق یان پارچەکانی بکات، دروستی بکات یان بەبێ مۆڵەت بازرگانی پێوە بکات، ئەوا بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە (١٠) دە ساڵ زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت.

**دووەم**: هەر کەسێک قاچاغچییەتی بە چەکی جەنگی، تفاق یان پارچەکانی بکات، یان دروستی بکات یان بازرگانی پێوە بکات ئەوا بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت سزا دەدرێت.

**سێیەم**: لە حاڵەتەکانی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم) و (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا، ئەگەر تاوانەکە بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێکی تیرۆرستی ئەنجامدرابێت، سزاکە دەبێتە زیندانیکردنی هەتاهەتایی یان لەسێدارەدان.

**چوارەم**:

١- هەر کەسێک تاوانی کوشتن بە چەکێکی بێدەنگ ئەنجامبدات، ئەوا بە لە سێدارەدان سزادەدرێت.

٢- هەر کەسێک یەکێک لەو کردەوانەی لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢)ی ئەم یاسایەدا هاتوون ئەنجامبدات، ئەوا بە زیندانی هەتاهەتایی سزادەدرێت.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم**: دادگا حوکم بەو سزایانەی لە ماددەی (١٣)ی ئەم یاسایەدا هاتوون دەدات، سەرباری ئەو پێبژاردنانەی فەرمانگە گومرگییەکان بەپێی یاسای گومرگی بەرکار لە هەرێم دەیسەپێنن.

**دووەم**: ئەگەر دادگا حوکم بدات، بە سزایەک لەو سزایانەی کە لە هەردوو ماددەی (١٣) و (١٥)ی ئەم یاسایەدا هاتوون، ئەوا پێویستە لە هەمان کاتدا حوکم بە دەست بەسەرداگرتنی چەکەکە و مۆڵەتەکەی و تفاقەکەی و هەر هۆکارێکی گواستنەوە کە لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەکارهێنراوە بدات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی حاڵەتی خاوەن هۆکاری گواستنەوەی نیازپاک، جگە لەو دۆسیە گومرگییانەی کە فەرمانگەکانی گومرگ تایبەتمەندن بەسەپاندنی سزای دەستبەسەرداگرتن تێیاندا.

**سێیەم**:

١- ئەگەر دەسەڵاتی گومرگیی تایبەتمەند بڕیاریدا بە دەستبەسەرداگرتنی چەکی جەنگی قاچاغ، تفاق یان پارچەکانی یان تفەنگی ئاسایی قاچاغ، تفاق یان پارچەکانی، و بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەرگرت، ئەوا چەکی سووک دەبێتە موڵکی وەزارەت، و چەکی مامناوەند و قورس دەبێتە موڵکی وەزارەتی پێشمەرگە، لەگەڵ پێدانی پاداشت بەو هەواڵدەرانەی بەشداربوون لە ئاشکراکردنی تاوانەکە بەپێی یاسا.

٢- ئەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاریدا بەدەست بەسەرداگرتنی چەکی جەنگی بەقاچاغ نەبردراو، تفاق یان پارچەکانی، و بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەرگرت، ئەوا ئەو چەکانەی باسکراون، و تفاق و پارچەکانیان دەبنە موڵکی وەزارەتی پێشمەرگە.

٣- ئەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاریدا بەدەست بەسەرداگرتنی چەکی ئاگرینی بەقاچاغ نەبردراو، تفاق یان پارچەکانی، و بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەرگرت، ئەوا دەبنە موڵکی وەزارەت.

**چوارەم**:

١- لە کاتی دۆزینەوەی چەکی جەنگی، تفاق و پارچەکانی و تفەنگی ئاسایی قاچاغ و دەمانچەی قاچاغ و تفاق و پارچەکانیان، بە نزیکترین لایەنی سەربازی دەسپێردرێن، و لایەنی سەربازیش هەرکات پێویستی بوو ئەم چەکانە دەهێنێتە بەردەم لایەنی تایبەتمەند بۆ تێڕوانین لە دۆسیەکە.

٢- لەکاتی دۆزینەوەی چەکی ئاگرینی بە قاچاغ نەبردراو، تفاق و پارچەکانی، ئەوا بەنزیکترین بنکەی پۆلیس، لەو ناوچەیەی کە چەکەکانی تێدا دۆزرانەتەوە، دەسپێردرێن، بەو مەرجەی بنکەی پۆلیس هەرکات پێویست بوو ئەم چەکانە بهێنێتە بەردەم دادگا یان دەسەڵاتی گومرگی تایبەتمەند بە تیرِوانین لە دۆسیەکە.

**ماددەی (١٥):**

**یەکەم:** هەرکەسێک بەبێ مۆڵەتی دەسەڵاتی مۆڵەتدان، دەستداریی چەکێکی ئاگرین یان تفاقی بکات، هەڵیبگرێت، بیفرۆشێت، چاکیبکاتەوە یان دەستاودەستی پێوە بکات، ئەوا بەبەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە (١) یەک ساڵ کەمترنەبێت و لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت، و بە پێژاردنێک کە لە (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنچ ملیۆن دینار زیاترنەبێت، سزا دەدرێت.

**دووەم:** هەرکەسێک مۆڵەتدراو بێت بە هەڵگرتنی چەکی ئاگرین، و لە کاتی بەشداریکردنی لە خۆپیشاندان یان گردبوونەوە هەڵیبگرێت، ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە (٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێت و بەپێژاردنێک لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت، و سزایەکە دەبێتە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە (٧) حەوت ساڵ زیاتر نەبێت ئەگەر چەکەکەی بەبێ مۆڵەت هەڵگرتبێت.

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم:**

١- ئەگەر مۆڵەتدراو داواکاریی نوێکردنەوەی مۆڵەتی دەستداریی یان هەڵگرتنی چەکەکە، لەو ماوەیەی کە لە برِگەی (دووەم)ی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایەدا هاتووە، بەبێ بوونی پاساوێکی رِەوا، پێشکەش نەکات، بە پێبژاردنێک بە برِی (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار سزادەدرێت.

٢- ئەگەر ماوەی هاتوو لە برِگەی (دووەم)ی ماددەی (٥) ی ئەم یاسایە کۆتایی هات، و مۆڵەتپێدراو داواکاریی نوێکردنەوەی مۆڵەتی بەبێ بوونی پاساوێکی رِەوا پێشکەش نەکرد، سەرباری لێوەرگرتنەوەی مۆڵەتەکەی، جارێکی تر مۆڵەتی پێنادرێتەوە.

**دووەم:**

١- ئەگەر مۆڵەتدراو بە چاککردنەوەی چەکی ئاگرین، لەو ماوەیەی کە لە برِگەی (دووەم)ی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایەدا هاتووە، داواکاریی نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەی پێشکەشی دەسەڵاتی مۆڵەتدان نەکات، بە پێبژاردنێک بەبرِی (٧٥٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار سزا دەدرێت.

٢- لە حاڵەتی پێشکەش نەکردنی داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەت تا ئەو کاتەی ماوەکەی بەسەردەچێت، ئەوا شوێنکارەکەی دادەخرێت، و رِێگەی پێنادرێت بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ کاربکات، و ئەگەر لەو ماوەیەدا لە سەرپێیچەکەی بەردەوام بێت، ئەوا بەشێوەی هەمیشەیی شوێنی کارەکەی دادەخرێت و مۆڵەتەکەشی بە هەڵوەشاوە دادەندرێت.

**سێیەم:**

١- ئەگەر مۆڵەتـــدراو بە کـــردنەوەی شـــوێنی کـــڕین و فرۆشـــتنی چەک، لەو مـــاوەیەی کە لە بـــڕگەی (دووەم)ی مـــاددەی (٥)ی ئەم یاســـایەدا هـــاتووە، داواکـــاریی نـــوێکردنەوەی مۆڵەتەکەی پێشکەشی دەسەڵاتی مۆڵەتدان نەکات، بە پێبژاردنێک بەبڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار سزا دەدرێت.

٢- لەحـاڵەتی پێشـکەش نەکردنـی داواکـاریی نـوێکردنەوەی مـۆڵەت تـا ئەو کـاتەی مـاوەکەی بەسەردەچێت، ئەوا شوێنکارەکە دادەخرێت، و ڕێگەی پێنادرێت بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ کار بکات، و ئەگەر لەم ماوەیەدا لە سەرپێچیەکەی بەردەوام بێت، ئەوا بەشێوەی هەمیشەیی شوێنی کـارەکەی دادەخرێـت و مۆڵەتەکەشـی بە هەڵوەشـاوە دادەنـدرێت، و ئەو چەکـانەی لە شـوێنی کـارەکەدان و مـوڵکی خـاوەن مـۆڵەتن دەسـتیان بەسـەردا دەگیرێـت، و ئەو چەکانەشـی مـوڵکی کەسـانی دیـکەن، ئەگەر مۆڵەتـدراوبن ڕادەسـتی خاوەنەکانیـان دەکـرێنەوە، بە پـێچەوانەوە، بە زیادکردنی ئاشکرا لەلایەن دەسەڵاتی مۆڵەتدانەوە دەفرۆشرێن.

**ماددەی (١٧):**

هەرکەسێک جگە لە حوکمی ماددەکانی (١٣) و (١٥) و (١٦)، سەرپێچی حوکمەکانی دیکەی ئەم یاسایە بکات، ئەوا بە بەندکردن و بە پێبژاردنێک لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنچ سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت یان بەیەکێک لەم دوو سزایانە، سزا دەدرێت.

**ماددەی (١٨):**

**یەکەم**: لە مـاوەی (١) یەك سـاڵ لە ڕێکەوتـی بەرکـاربوونی ئەم یاسـایەوە، بەرامـبەر قەرەبـوویەک کە ئەنجـوومەنی وەزیـران دیاریـدەکات، سـەرجەم جۆرەکـانی ئەو چەکە جەنگیـانەی کە لە دەسـتی کەس و لایەنەکاندان، لێیاندەسەندرێتەوە و دەبنە موڵکی وەزارەتی پێشمەرگە.

**دووەم**: پێویسـتە لەسـەر هاووڵاتیـان، ئەو چەکـانەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەیـانگرێتەوە، لەلای نزیکترین بنکەی پۆلیس یان لایەنی دیکەی تەرخانکراو تۆماربکەن، بە مەبەستی جێبەجێکردنـی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**سێیەم**: وەزیر ڕێنمـایی لێسـەندنەوەی چەکە جەنگییەکـان و تۆمـارکردنی چەکە ئاگرینەکـان لە مـاوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە دەردەکات.

**چوارەم**: دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەتوانێت مۆڵەتی دەستداریی یان هەڵگرتنی ئەو چەکانەی بەپێی بڕگەی (دووەم)ی ئەم مـاددەیە تۆمـارکراون، بـدات، لە کـاتی هـاتنەدی ئەو مەرج و ڕێکسـازییانەی لەم یاسایەدا هاتوون، بەپێچەوانەوە، دەکرێت دەسەڵاتی مۆڵەتدان ئەو چەکە ئاگرینە تۆمارکراوانەی کە مۆڵەتیان پێنادرێت بۆ بەرژەوەندی خاوەنەکانیان بفرۆشێت.

**ماددەی (١٩):**

وەزیــر ڕێنمــایی تــایبەت بە دەســتداریی و هەڵگرتنــی چەکــی بریـنــدارکار و چەکــی ڕووشــێنەر، گواســتنەوەیان، دروســتکردنیان، چاککردنەوەیــان، هاوردەکردنیــان یــان بازرگــانی پێوەکردنیــان، دەردەکات.

**ماددەی (٢٠):**

**یەکەم**: تۆمـارکردن و دەسـتداریی چەکـی هێمـایی بەپێـی ڕێپێـدانێک دەبێـت کە لەلایەن وەزیـرەوە دەدرێت تەنها بۆ یەک جار.

**دووەم**: ڕێکارەکانی پێدانی ئەو ڕێپێدانە بە ڕێنماییەک ڕێکدەخرێت کە وەزیر دەریدەکات.

**سێیەم**: هەر کەسـێک ڕێپێـدانی چەکـی هێمـایی بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە وەربگرێـت، و بـۆ مەبەستێکی جیاواز لە مەبەستەکانی هـاتوو لەم یاسـایەدا بەکاریبهێنێـت، چەکەکەی خەسـڵەتی هێمایی لە دەستدەدات.

**ماددەی (٢١):**

ئەو بـڕە پـارانەی لەو ڕەسـم و پێبژاردنـانەی لەم یاسـایەدا هـاتوون دەسـتدەکەون وەک داهاتێـک بـۆ گەنجیـنەی هەرێـم تۆمـار دەکـرێن، بەو مەرجەی ڕێـژەی (٣٠%) لەسـەدا سـی بـۆ وەزارەت تەرخـان بکرێت، بۆ مەبەستی پەرەپێدانی دامەزراوەکانی وەزارەت.

**ماددەی (٢٢):**

یاسـای چەک ژمـارە (١٦)ی سـاڵی ١٩٩٣ هەڵدەوشـێندرێتەوە، و ئەو ڕێنماییـانەی بەپێـی ئەو یاسـایە دەرچوون بەرکار دەمێننەوە ئەگەر ناکۆک نەبـن لەگەڵ حوکمەکـانی ئەم یاسـایە، تـاوەکو دەرچـوونی ئەو ڕێنماییانەی جێگەیان دەگرنەوە یان هەڵیاندەوەشێننەوە.

**ماددەی (٢٣):** کار بە دەقی هیچ یاسا یان بریارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٢٤):** پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٢٥):** ئەم یاسـایە لە ڕێکەوتـی بڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

حوکمەکانی یاسای چەک ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ پێشهاتەکانی قۆناغی ئێستادا ناگونجێـت و، بەمەبەســتی ڕێکخســتنەوەی دەســتداریی و هەڵگرتنــی چەک و تفــاق و کــڕین و فرۆشــتن و چاکردنەوەیان لە سایەی ئەو گوڕانکاریانەدا، ئەم یاسایە دەرچووێندرا

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**١٧/ ٤ /٢٠٢٢**

**خشتەی ڕەسمەکان**

وەزارەت ئەو ڕەسمانەی لەم یاسایەدا بڕیاردراون، بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە وەردەگرێت:

١- (١٤٠,٠٠٠) سەد و چل هەزار دینار، ڕەسمی مۆڵەتی دەستداریی یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی.

٢- (١٢٠,٠٠٠) سەد و بیست هەزار دینار، ڕەسمی نوێکردنەوەی مۆڵەتی دەستداریی یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی.

٣- (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار، ڕەسمی مۆڵەتی چاککردنەوەی چەکی ئاگرین و نوێکردنەوەی.

٤- (٦,٠٠٠,٠٠٠) شەش ملیۆن دینار، ڕەسمی مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین و نوێکردنەوەی.

٥- (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار، ڕەسمی کارگێڕیی بۆ هەر داواکارییەک کە بەپێی ئەم یاسایە و ئەو ڕێنماییانەی بەپێی ئەم یاسایە دەرچوون، پێشکەش دەکرێت.

٦- (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار، ڕەسمی ڕێپێدانی چەکی هێمایی.

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٥٧٨٥ لە ٢٠٢٢/٤/١٧**

**بڕیاری ژمارە (١٤٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو ، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٨٠) لە٢٠٢٢/٤/١٣، و لە پێناوی بەرگرتن لە گرانبوونی نرخی گۆشتی سوور لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان ، و لەسەر پێشنیاری وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** هەڵپەساردنی وەرگرتنی ڕەسمی باج و ڕەسمی گومرگی لەسەر ئاژەڵی هاوردەکراو تا کۆتایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ئەمساڵ.

**دووەم:** هەڵپەساردنی کارکردن بەمەرجی مۆڵەتی هاوردەکردن (اجازه الاستيراد) بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵ بۆ ماوەی (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژ بە ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١- جێبەجێکردنی سەرجەم ڕێنمایی و پشکنین و ڕێکارە ڤێتێرنەرییە کارپێکراوەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هاوردەکردنی ئاژەڵ لە دەروازە سنوورییەکان وخاڵە گومرگییەکان

٢- هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو بەپێی ئەم بڕیارە تەنها بۆ دابینکردنی گۆشتی سوور لە بازاڕەکانی هەرێمدا دەبێت بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و ئەم بڕیارە هاوردەکردنی ئاژەڵ بۆ مەبەستی دیکە ناگرێتەوە.

٣- ڕەچاوکردنی دۆخی لەوەڕگا و کەمیی ئالیك و ماددەی عەلەفییەکان و گرانبوونی نرخەکانیان کە پێویستە بە شێوەیەك بێت کارنەکاتە سەر لەوەڕگای ئاژەڵی ناوخۆ.

٤- کاریگەریی نەرێنی نەبێت لەسەر سامانی ئاژەڵیی ناوخۆ.

**سێیەم:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێداچوونەوەی پێویست دەکات بە دەرئەنجامەکانی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە دوای تێپەڕبوونی (٦٠) شەست ڕۆژ بەسەر جێبەجێکردنیدا لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکان لەو ماوەیەدا و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت و پێشنیاری پێویست بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن وەزارەتەوە.

**چوارەم:** وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٨٣٠٧ لە ٢٠٢٢/٤/١٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتانەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و بڕگەی (ت) لە بەشی (٣٦) لە یاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ بەرکار لە هەرێمی کوردستان بەیاسای ژمارە (٣٦) ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی دیاری کردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە ئەم مانایانە کە بەرامبەریان دیاری کراوە:-

١- **هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق .

٢- **وەزارەت**: وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **وەزیر**: وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- **تابلۆی تۆماری ئۆتۆمبێل**: تابلۆیەکە کە لە کانزای ئەلمنیۆم دروست کراوە بە ماددەیەکی پلاستیکی شەوق دار ڕووپۆش کراوە بەپێی قەبارەیەکی دیاریکراو و لە شوێنی دیاریکراو لەپێشەوە و پاشەوەی ئۆتۆمبێل جێگیر دەکرێت .

٥- :(IRQ)کورتکراوی.(IRAQ)

٦- :(KR)کورتکراوی.(Kurdistan Region)

٧- **ژمارەی تابلۆی نایاب**: ئەو ژمارە تابلۆیەیە کە لە (یەك یان دوو یان سێ) ژمارە پێك دێت یان گشت ژمارەی تابلۆکە وەك یەکن، وە دوای ژمارە (٩٩٩٩٩) دەست پێ دەکات و بەپێی سیستەمی ئەلیکترۆنی تابلۆ جیا دەکرێنەوە.

٨- **سیستەمی ئەلیکترۆنی تابلۆ**: سیستەمێکە کە لە لایەن وەزارەت دیزاین کراوە بە مەبەستی گۆڕین و تەرخان کردنی تابلۆ بۆ ئۆتۆمبێل و جیاکردنەوەی تابلۆی نایاب.

**ماددەی (٢):**

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی خەسڵەتەکانی تابلۆی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلەکانە کە لە بەڕێوبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم تۆمار دەکرێن بەپێی ستاندەردی جیهانی و عێراقی و بە بەرەچاوگرتنی تایبەتمەندی هەرێم.

## خەسلەتەکان وجۆرەکانی تابلۆی ئۆتۆمبێل

**ماددەی (٣):** کۆدی پارێزگاکان هەرێم بۆ ناسینەوەیان بەم شێوەی لەسەر تابلۆ چاپ دەکرێت:-

ئەم ژمارانەی خوارەوە وەك کۆدی پارێزگاکان دەناسرێت:

١- ژمارەی (٢٢) وەك کۆدی پارێزگای هەولێر.

٢- ژمارەی (٢١) وەك کۆدی پارێزگای سلێمانی.

٣- ژمارەی (٢٤) وەك کۆدی پارێزگای دهۆك.

٤- ژمارەی (٢٣) وەك کۆدی پارێزگای هەڵەبجە.

**ماددەی (٤):** تابلۆ بەم جۆرانەی خوارەوە دەبێت :

١- تابلۆی کاتی.

٢- تابلۆی تایبەت.

٣- تابلۆی کرێ.

٤- تابلۆی بارهەڵگر.

٥- تابلۆی کشتوکاڵ و بیناسازی.

٦- تابلۆی ماتۆرسکێل.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** قەبارەی تابلۆی ئۆتۆمبێل بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- تابلۆی کاتی بە قەبارە (٣٢٠ ملم × ١٦٠ ملم) دەبێت بەپێی پاشکۆی ژمارە (١).

٢- تابلۆی کورت بە قەبارە (٣٢٠ ملم × ١٦٠ ملم) دەبێت بەپێی پاشکۆی ژمارە (٢).

٣- تابلۆی درێژ بە قەبارە (٥٢٠.٨ ملم × ١١٢.٦ ملم) دەبێت بەپێی پاشکۆی ژمارە (٣).

**دووەم:** تابلۆی ماتورسکێل بە قەبارەی (٢٠٠ ملم × ١٢٠ ملم) دەبێت بەپێی پاشکۆی ژمارە (٤).

**سێیەم:** ئەستوری گشت جۆری تابلۆکان (١ ملم) دەبێت.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** گشت جۆرەکانی تابلۆ جگە لە تابلۆی ژمارە کاتی لە شەش خانەی (پیت و ژمارە) پێك دێت .

**دووەم:** نووسینی سەر گشت جۆرەکانی تابلۆ بە رەنگی (ڕەش) چاپ دەکرێن جگە لە تابلۆی ژمارە کاتی کە بە رەنگی (سوور) چاپ دەکرێت.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** تابلۆ لە قەبارەی درێژ و کورت و ماتۆرسکێل ئەم هێما و ژمارانەی خوارەوەی لەسەرچاپ دەکرێت:

١- هێمای (IRQ) لە سەرەوەی چەپی تابلۆکە چاپ دەکرێت.

٢- هێمای (KR) لە ژێر هێمای (IRQ) لە لای چەپی تابلۆکە چاپ دەکرێت.

٣- ژمارەی ئۆتۆمبێل تا شەش خانە (پیت و ژمارە) چاپ دەکرێت.

٤- ژمارەی ئوتۆمبێل لە تەنیشت هێمای پارێزگا و پیتی تابلۆ چاپ دەکرێت لە تابلۆی جۆری درێژ.

٥- ژمارەی ئوتۆمبێل لە ژێر هێمای پارێزگا و پیتی تابلۆ چاپ دەکرێت لە تابلۆی جۆری کورت و تابلۆی ماتۆرسکێل.

٦- کۆدی پارێزگا لە پێش ژمارەی ئۆتۆمبێل چاپ دەکرێت .

٧- هێلۆگرامێکی سکیوریتی لە نێوان کۆدی پارێزگا وپیتی تابلۆ جێگیر دەکرێت.

**دووەم:** تابلۆی تۆماری ئۆتۆمبێل بەبێ هەبوونی هیچ هێلێکی جیاکرانەوە لە نێوان پیت و ژمارەکان چاپ دەکرێت جگە لە هێلێکی ستوونی لە لای چەپەوە کە هێمای (IRQ) و (KR) لە کۆدی پارێزگا و پیت و ژمارەکانی تابلۆ جیادەکاتەوە.

**سێیەم:** تابلۆی کاتی بە ڕەنگی (سوور) چاپ دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- هێمای (IRQ) و (KR) لە لای چەپی تابلۆ چاپ دەکرێت و بە هێلێکی ستوونی هێمای پارێزگا و ساڵ و ژمارەی تابلۆ جیا دەکرێتەوە.

٢- کۆدی پارێزگا بە هێمای (ــــ) لە ساڵی دەرچوونی تابلۆ جیا دەکرێتەوە.

٣- کۆدی پارێزگا لە لای چەپی سەرەوەی تابلۆ ، و ساڵی دەرچوونی تابلۆ لە لای راستی سەرەوەی تابلۆ بە شێوەی ئاسۆیی چاپ دەکرێت.

٤- ژمارەی تابلۆی کاتی ئۆتۆمبێل لە ژێر کۆدی پارێزگا و ساڵی دەرچوونی بە شێوازی ئاسۆیی چاپ دەکرێت.

٥- زنجیرەی تابلۆی کاتی لە ژمارە (١) دەست پێ دەکات لە (١/١)ی هەموو ساڵێك تاکو (١٢/٣١)ی هەموو ساڵێك و ساڵانی دواتر لە زنجیرە ژمارە (١) دەست پێ دەکاتەوە .

٦- هێلۆگرامێکی سکیوریتی لە لای ڕاستی خوارەوەی تابلۆ جێگیر دەکرێت.

**چوارەم:** تابلۆ بە پیت و ژمارەی ئینگلیزی چاپ دەکرێن.

## ڕەنگەکانی تابلۆی تۆماری ئۆتۆمبێل

**ماددەی (٨):** ڕەنگەکانی تابلۆی تۆماری ئۆتۆمبێل بەم شێوازەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** تابلۆی تایبەت و ماتۆرسکێل بە ڕەنگی (سپی) تەواو دەبێت.

**دووەم:** تابلۆی کرێ بە ڕەنگی (سپی) دەبێت و لە خانەی هێمای (IRQ) و (KR) بە ڕەنگی (سوور) دەبێت.

**سێیەم:** تابلۆی بارهەڵگر بە ڕەنگی (سپی) دەبێت و لە خانەی هێمای (IRQ) و (KR) بە ڕەنگی (زەرد) دەبێت.

**چوارەم:** تابلۆی کشتوکاڵ و پیشەسازی بە ڕەنگی (سپی) دەبێت و لە خانەی هێمای (IRQ) و (KR) بەڕەنگی (سەوز) دەبێت.

## تەرخان کردن و فرۆشتنی تابلۆی ئۆتومبێل

**ماددەی (٩):**

تابلۆی تۆماری ئۆتۆمبێل بەم شێوەیەی خوارەوە تەرخان دەکرێت:

**یەکەم:** ئەو تابلۆیانەی کە ئێستا تەرخان کراون لە ژمارە (١ تا ٩٩٩٩٩) پیتی (A) بۆ ژمارەکە زیاد دەکرێت و هەمان ژمارەی خۆی بۆ تەرخان دەکرێتەوە.

**دووەم:** ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ئێستا تابلۆیان بۆ تەرخان کراوە لە ژمارە (١٠٠٠٠٠) تا دوایین ژمارە بەپێی سیستەمی ئەلیکترونی تایبەت دووبارە تابلۆیان بۆ تەرخان دەکرێتەوە و ژمارەی دووەم لە لای چەپ لادەدرێت و پیتێکی بۆ زیاد دەکرێت بەپێی ئەو سیستەمە ئەلیکترۆنیە.

**سێیەم:** ژمارەی سێیەم لە لایی چەپ لادەبرێت ئەگەر لابردنی ژمارەی دووەمی لایی چەپ ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی کە گشت ژمارەکانی تابلۆ وەك یەك لێ بێت (ژمارەی نایابی وەك یەك) بەپێی ئەو سیستەمە ئەلیکترۆنیە کە لە بڕگەی دووەمی سەرەوە ئاماژە پێکراوە.

**چوارەم:** ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە دوای بەکاربوونی ئەم ڕێنماییە بۆ یەکەم جار تۆمار دەکرێن بەپێی سیستەمی ئەلیکترۆنی هەرەمەکی (عشوائی) تابلۆی ئۆتۆمبێل بۆ تەرخان دەکرێت.

## ڕێکارەکانی فرۆشتنی تابلۆی نایاب

**ماددەی (١٠):**

فرۆشتنی تابلۆی نایابی ئۆتۆمبێل بەپێی یاسای فرۆشتنی و بە کرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** لیژنەیەك پێك دێت لە وەزارەتی ناوخۆ بە سەرۆکایەتی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ و فەرمانبەرێکی ژمێریاری لە وەزارەت و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری وەك هاوەڵی لیژنە بە مەبەستی خەمڵاندنی نرخی تابلۆی نایاب و هەر چوار مانگ جارێك دەگۆڕدرێت.

**دووەم:** لیژنەیەك پێك دێت لە وەزارەتی ناوخۆ بە سەرۆکایەتی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ و فەرمانبەرێکی ژمێریاری لە وەزارەت و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری وەك هاوەڵی لیژنە بە مەبەستی فرۆشتنی تابلۆی نایابی ئۆتۆمبێل و هەر چوار مانگ جارێك دەگۆڕدرێت.

**سێیەم:** تابلۆی نایاب بە زیادکردنی ئاشکرا دوو مانگ جارێك لە وەزارەتی ناوخۆ دەفرۆشرێت.

**چوارەم:** دوای تەرخان کردنی تابلۆ بە هەر شێوەیەك بێت ئەم تابلۆیە دەبێتە موڵکی خاوەنەکەی و دەتوانێت کرین و فرۆشتنی پێ بکات.

**پێنجەم:** فرۆشتنی تابلۆی نایاب تەنها تابلۆی تایبەت دەگرێتەوە.

**شەشەم:** تابلۆی نایاب بەپێی سیستەمی ئەلیکترۆنی بڕگەی دووەم لە ماددەی (نۆیەم) دیاری دەکرێت.

**حەوتەم:**

١- ئەگەر هاوڵاتی ئارەزووی تەرخان کردنی ژمارەی تابلۆی هەبێت بە هەر پیتێك بێت کە نایاب نەبێت ئەوا بە رەزامەندی بەرێوبەری هاتووچۆی پارێزگا تەرخان دەکرێت بەرامبەر بڕێك پارە کە لەم رێنماییە دیاری کراوە.

٢- ئەگەر زیاتر لە داواکاریەك هەبوو لەسەر ژمارەیەکی تابلۆ ئەوا تابلۆ بۆ خاوەن یەکەم داواکاری تۆمارکراو لە تۆماری هاتوو تەرخان دەکرێت ، وئەگەر زیاتر لە داواکارییەك لە هەمان بەروار تۆمار کرابوو ئەوا بە تیروپشك یەکلادەکرێتەوە .

## ئەحکامە دارییەکان

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** بڕی (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر دابین کردنی جووتێك تابلۆ بۆ ئۆتۆمبێل.

**دووەم:** بڕی (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر لێدانی برغوو سیکورێتی تایبەت بە یەك جووت تابلۆ بۆ ئۆتۆمبێل.

**سێیەم:** بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر دابین کردنی جووتێك تابلۆی کاتی بۆ ئۆتۆمبێل.

**چوارەم:** بڕی (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر کرێی خزمەت گوزاری لێدانی تابلۆ.

**پێنجەم:** بڕی (١٢٠,٠٠٠) سەد و بیست هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر دابین کردنی جوتێك تابلۆ بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە خاوەنەکانیان ئارەزووی گۆڕینیان هەیە پێش تەواوبوونی ساڵیانەی ئۆتۆمبێل.

**شەشەم:** بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەك بەرامبەری تەرخان کردنی تابلۆ بەپێی بڕگەی (حەوتەم) لە ماددەی (دەیەم)ی ئەم رێنماییە .

**ماددەی (١٢):**

ئەو بڕە پارانەی کە لە فرۆشتنی تابلۆی نایاب وەردەگیرێت و ئەو بڕە پارانەی کە لە ماددەی (یانزدەیەم) دیاری کراون دەخرێنە سەر ئەژمێری وەزارەتی دارایی و ئابووری و رێژەیەکی دیاری کراو لەو پارەیە بەپێی بریار و رێنماییەکانی حکومەت تەرخان دەکرێت بۆ پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

## ئەحکامە کۆتاییەکان

**ماددەی (١٣):**

